www.kurdistannet.org
6-3-2003 23:40

رۆژنامەی برایەتی . نەدەبوو بە خەڵکی خۆپیشاندەر بڵێ بێ ئەخلاق!!

گۆران محەمەد

بەر لە راپەڕین و دوای راپەڕینیش زۆر جاران خۆپیشاندانی زۆرەملێ بە خەڵکی کوردستان کراوە؛ گوایە ناڕەزایی جەماوەریی یان پشتگیریی جەماوەریی یان .... . تد بووە، ئاشکراشە ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە هیچ واتایەکی نییە و خواستی دەسەڵاتە و بە خەڵك دەکرێت ئیتر بەر لە راپەڕین بەعس دەیکرد و دوای راپەڕینیش رەوتاری بەعسییانەی ناو حیزبە کوردییەکان رێکیانخستووە.

بە دەر لەو نموونانەی باسم کردن خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژێی رابردوو، ئەگەرچی دەسەڵاتیش رۆڵی لە رێکخستنیدا هەبووبێ، لێ بە هەق دەربڕی خواستی خەڵك بووە و ئەوپەڕی پشتگیرییش بووە بۆ ئەو هەڵوێستە وڵاتپارێزییەی هەمیشە سەرۆك بارزانیی لە بەردەم چاوچنۆکیی تورکیادا خاوەنی بووە، لە کاتێکدا ئەندامەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن کوردیان بەر لە عەرەبیان دوو هەزار حیسابیان بۆ قسەکانیان دەکەن ئەوجا ئاراستەی تورکیای دەکەن.

سەیر ئەوەیە رۆژنامەی برایەتی کە تاقەتی نەبوو بۆ یادی راپەڕین ژمارەی تایبەت دەر بکات و نەیویست بە ژمارەی تایبەتیش خۆپیشاندانەکان لە ئامێز بگرێت و موحەڕرەمیش دەرنچوو، دوای ئەو هەمووە لە سەروتارێکی سەیردا رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٣/٣/٦ بەو خەڵکەی رقی تووڕەیی و هەستی وڵاتپارێزیی وای لێکردن لە بەشێکی خۆپیشاندانەکاندا ئالای تورکیا بسووتێنن، برایەتی بەو خەڵکە دەڵێ بێ ئەخلاق.

برایەتی زاتی ئەوەی کردووە بە خەڵکی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەر بڵێ بێ ئەخلاق و نەیوێراوە بە تورکیا بڵێ بێ ئەخلاق کە رۆژانە دەیان کورد و غەیرە کورد ئیهانە دەکات لە سەر ئەوەی دەڵێن دەچینە کوردستان.

رۆژنامەکانی تورکیا هەرچی خراپە بە کوردی دەڵێن و برایەتی تەقەقەی سەری دێت، کەچی بۆ خاتری تورکیا بە خەڵکی وڵات دەڵێ بێ ئەخلاق.

گریمان دەسەڵات دەیەوێت تا رادەیەك هاوسەنگیی سیاسیی لە گەڵ تورکیا بپارێزێت و لە گەڵ نیشاندانی تووڕەییدا، هەندێ نەرمییش بنوێنێت، بەڵام برایەتی نەك هەر ئەوەی پێ تەرجەمە نەکرا، بەڵکوو شەرمەزارییەکی دووچاری ٣٩٢٩ ژمارە کرد کە بەر لەو ژمارەیەی بە خەڵکی گوتووە بێ ئەخلاق دەرچوون.

رۆژنامەی برایەتی لە بری ئەوەی کلی بکات کوێری کرد، مەخابن رۆژنامەی برایەتی.

goransalih@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣